# بەیاننامەی کۆمەڵێک ڕەوەندی هەورامی
# لە ئەوروپا دژی هێرشی تورکیا

ئێمە بە ناوی کۆمەڵێک ڕەوەندی هەورامی لە ئەوروپا، ناڕەزایی خۆمان دژی هێرشی تۆرانیە فاشستەکان بۆ سەر باشووری دەردەبڕین و بە هەموو شێوەیەک ڕسوای دەکەین. لە هەمان کاتیشدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهید سەربەرزەکان دادەنەوێنین. ئێمە ئەوە هێرشە دڕندانەیە بە پێشێلکاری بۆ سەر هەموو نەتەوەی کورد دادەنێنن و بە شکاندنی سەروەری میللەتی کوردی دەبینین. بۆیە بەتوندی دژی دەوەستینەوە و دەنگی خۆمان دەدەینە پاڵ دەنگی هەموو ڕزگاری خوازانی کورد کە ئاواتیان کوردستانێکی سەربەخۆیە. هەروەها داوا لە دەسەلاتی باشوری کوردستان دەکەین کە هەڵوێستی ڕونتر بنوێنێت بۆ یارمەتی دان و بەرگری لە ئازادی خەڵکی کوردستان و ڕێگە بدات بە میدیای ناوچە و جیهان کە جێ بۆردومانی ئەو هێرشە وێرانیەکانی ئاشکرا بکات، کە زیانێکی گەورەی گەیاندوەتە دانیشتوانی سڤیلی کورد لە ناوچەکەدا.

**بژی کورد و کوردستان**

**سەرکەوتووبێت بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان**

**کۆمەڵێک ڕەوەندی هەورامی لە ئەوروپا**

**لە ژووری هەورامان**

**ئەوروپا** 2007-12-19